کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19:31 16-6-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کورد لەخوا نەی پاراست نەترسا لەئەحمەد حمیدی. دەترسێ ... عزیز منسوربگ

دانمارک

ماوەی چەند ڕۆژێکە. جەند کەسێکی گێرە شێوێن کە ئەندامی ئەنجو مەنی ڕاویژکاری عەرەبن بۆئەوەی ئاژاوە بنێنەوە ببنە بەربەست لەجێبەجێ کردنی ماددەی140 دەستیان کردوو بەهەڕەشەکردن لە خەڵکی کەرکوک بە بیانوی ئەوەی کە گۆیا هێزی ئاسایشی کوردەکان لەشاری کەرکوک عەرە بەکان دەست گیر دەکەن یەک لە ئەندامەکانی ئەو ئەنجومەنە بەناوی ئەحمەدحەمیدی. زوور بەڕاشکاوانە بێ پێچو پەنا. دەڵێ ئەگەر کۆردەکان دست لەگرتنی عەرەبەکان هەڵ نەگرن وە عەرەبە گیراوە کانیش بەرنەدەن. ئێمەش لە کەرکوک، کوردەکان دڕفێنین ئێمەهیچ هەرەشەیک لە کاک ئەحمەد ناکەین لەبەر ئەوەی کە وتوویەتی زوور بەگران لەسەری دەوەستێ بەڵام چەند پرسیارێک ئاڕاستەی ئەو برادەرەدەکین یەکەم چون لەڕووی دێ باسی ئەو عەرەبانە بکات کەگیراون چونکەئەوانە هەر هەمویان بەچەکو تەقەمەنیوەگیراون یان لە لاین دزگای پۆلیس یان دادگاوە داواکراون دوای هێزی ئاسایش بە تەنیا هەڵنەستاوە بەگرتنی ئەوتیروریستانە بەڵکو لەگەلە هێزی هاوپەیمانەکانو پۆلیسی عڕاقی کە بەشی زوریان عەرەبن بەو کارە هەستاون. ئەی کاک ئەحمەد تۆ بەکێ دڵێی کە کۆردت بۆبرفێنێ بەپۆلیسە کانی حەویجە یان تیرۆریستەکان. جالەم ڕۆ بەدوا کۆردێک لە ئاویشدا بخنکی تۆ لێی بەر پرسیاری ئەوە یە کە دڵێم ئەو هەڕە شە یە زور لەسەرت دە کەوێ. من دەمەوێ شتێکی تر بە کاک ئەحمەد بڵێم کۆرد لەهیچکاتۆ ساتێکدا نەی ویستوو نە عەرب بگرێ نە ئازاریشیان بدا چونکە لەکلتووری کوردی دانیەئەو شتەی تۆباسی دەکە ی بەڵگەی کۆنو نوێشمان هەیە بۆ سەلماندنی بۆنمونە لەساڵی 91 دوای تێشکانەکەی سەرانی بەعس لە کویت زیاتر لە نیوەی سوپای عراق بە خۆیانو هەموو چەکی قورسو سوکەوە خۆیان خستە باوەشی هێزی پێشمەرگەوجەماوەری کوردستانەو ە. ئەو سوپایەی کەهاتبو بۆ قەڵاچو کردنی گەلی کورد، ئەو سوپایەی کە 4500 گوندی لە کوردستان ویرانکردو هەزارن ژنومناڵوپیرولاوی گەلەکەمانی زیندە بەچاڵکردبو لەگەل ئەو هەموکردەوە شیاندا، کوردباوە شی بویان گرتەوە، وەلە گوڵ کاڵتریان پێ نەوترا بگرە خەرجی ڕێگاو جلو بەرگیشیان بۆ دەستەبەر کردن تاکو بگە نەوە ناو کەسوکارێان، لە ناوچە جیا جیا کانی عراق ئەوەلەلایک لەلایە کیترە وە وا ئیستا لەو کوردستانەی کەتۆ چاوت پێی هە ڵ نایا وە ناشتە وێ گۆ ێشت لە ناوی بێ هەزاران خێزانی عەرەب لە ترسی ئەوکەسانەی کەتو داوای بەر بۆنیان بۆ دەکەی وا ڕویان لە کۆردستان کردوە وە ئەو پەڕی ڕیزیشیان لێ گیراوە وە هەر کسیش لە سەرکار خو ی دامەزراوە تەوە ئەدی ئەوانە عەرەب نین ئەدی بۆ تۆی بەڕیز تاون بارمان دەکەی کەگۆیا هێزی ئاسایشی کورد عەرەب دەگرن برایەتی کوردو عەرەبی رەسەنیش بە تۆ تێک ناچێ جاتا کار لەکار نەترازاوە بڕوو داوای لێ بوردن لە خەڵکی کەرکوک بکە.

لەگەڵ ریزمدا بۆ ئەو هەموو ماندووبۆنەی کوردستان نێت بێ بەرانبەر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.